## پرۆژەی مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخ لە شاری سلێمانی – کوردستان

ئامانجی ئەم پرۆژەیە :-

دروست کردنی تەلارێکی هونەریی کە سیمایەکی شارستانیی شاری سلێمانی دەربېڕێت. لەلایەنی بیناسازییەوە دەبێت بینایەکی تایبەت بێت و لەسەر بنەمای ( concept ) ێکی دیراسەوکراو شێوازی تایبەتی خۆی وەربگرێت. (( a building with a high arclutecural quality ))

- وەزیفەی ئەم بینایە تەنها پیشاندانیکارە هونەرییەکان تەواو نابێت، بەڵکو دەبێتە بنکەیەکی ئاڵوگۆڕینەوەی تەجروبەو بیروبۆچوون و بەرهەمە هونەرییەکان. لە نێوان هونەرمەندە کوردەکان و هونەرمەندانی دەرەوەی کوردستان (بیانییەکان)
- لەم تەلارەدا جگە لە هۆڵی پێشانگە کاتییەکان، هۆڵی تایبەت بۆ ئەو کارە هونەرییانە تەرخان دەکرێت کە لەلایەن هونەرمەندە پسپۆرە بیانییەکانەوە پێشکەش بەم مۆزەخانەیە کراوون.
- لە پاڵ ئەمانەدا شوێنی سیمینار/ موحازەرە و عەرزی سلاید یان پرۆژێت تەرخان دەکرێت.
- هۆڵی work shop
- ((café')) یەك کە شایستەی ئەم شوێنە شارستانییە بێت.
- کتێبخانە

ئەو هەنگاوانەی دراوون :-

١. گەشەپێدانی بیرۆکەی مۆزەخانەکە تاکو (concept) ێکی ئاشکرا .
٢. کۆکردنەوەی کاری هونەریی ( هی هونەرمەندە بیانییەکان )
٣. هەنگاوی عەمەلیی بۆ کاری تەلارە هونەرییەکە.

پرۆگرامی کار :-

١. گەشەپێدانی (concept)ەکە تاکو پرۆگرامی پرۆژە. کە بە ئاشکرایی ژمارەی هەڵەکان و وەزیفەی هەریەکەیان و، بە گشتیی سیماو تایبەتمەندێتی ئەم تەلارە پێناسەبکرێت و باس لە شێوازو ناوەرۆکی بیناسازیی (معماریی)ەوە بکرێت.
٢. دابینکردنی زەوی و ئاشکرابوونی شوێن و رووبەری زەوییەکە
٣. پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی تایبەت بۆ ئەم پرۆژەیە لەناو کوردستان و لە ئەوروپا. بۆ جێبەجێ کردن و بەرەو پێشبردنی کارەکان . ( دەشێ لە دەرەوەی وڵاتیش کەسانی ناودارو دەست باڵا ببنە ئەندامی شەرەف).
٤. (Design) بە دوو قۆناغ ــ sketch پاشان Definitive
٥. Presentation پاشان کردنی بە Documentation لەگەڵ راپۆرتێك سەبارەت بە شای سلێمانی.
٦. دابینکردنی budget بۆ دروست کردنی بیناکە.
٧. حەملەی ئیعلامی چ لەناو کوردستان و چ لە دەرەوەی وڵات.